

# نهێنیی گزنگی هەتاو

ئازاد ئەرگوشی

هەموو بەیانییەک پێش دەرکەوتنی یەکەم گزنگی هەتاو، لەو دیوی کێوە سەرکەشەکانەوە دەچووە سەربان، ڕووی لە خۆرهەڵات دەکرد، لەگەڵ هەڵاتنی یەکەم گزنگی خۆر فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارەوە، پاشانیش ئاخێکی هەڵدەکێشاو ئەوجا وەک لێقەوماوێکی داغدیدە و جەرگ سووتاو دەست لە ئەژنۆ لەشوێنی خۆی هەڵدەستا، هێدی، هێدی لە پلیکانەکان دەهاتە خوارەوە.

ئەمە بەزمی ڕۆژانەی بوو، کە بووبووە هۆی نەفرەت و بێزاری دانیشتوانی گوندەکە، ئەوان پێیان دەگوت: خۆر پەرست، تەنانەت مەلای گوندەکەش زۆر جار بە تووڕەیی سەرکۆنەی دەکرد، داوای لێ دەکرد دەست لەم کارەی هەڵگرێ، پێی دەگوت: ئەم کارەی تۆ شرکە کافرستانییە، دروستکردنی هاوتایە بۆ خوای یەکتا، چۆن شتی وا دەکەی، بەڵام هیچ یەک لەم قسانە بە گوێیدا نەچوون، بۆشی گرنگ نەبوو مەلا چی دەڵێ، یان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خەڵکی گوندەکەدا، کە ڕووی خۆیانی لێ وەردەگێڕا و پشتی تێدەکردن، ئەم هەڵوێستەیان نەبووە هۆی ئەوەی کە تەنانەت بۆ جارێکیش گومانی لەکردەوەی خۆی هەبێت، یان دوودڵ بێ لە ڕۆیشتنی بەیانیان بۆ تەماشاکردنی یەکەم گزنگی هەتاو.

گومانی لەوە نەبوو کە هەر بەرەبەیانێک خۆی لەسەر بانەکە دەدۆزێتەوە، چونکە لە هەڵاتنی خۆرەکە دڵنیابوو، ئەو هەمیشە لەسات و کاتی خۆیدا لە ژوانگە ئامادە بوو. بەم شێوەیە بەردەوام چاوەڕوانییەکەی لەگەڵ هاتنی یەکەم گزنگی هەتاو کۆتایی پێ دەهات و دووبارە دەستی پێ دەکردەوە. تەنیا کەسێک کە لەناو گوندەکەدا جار بە جار سڵاو و چاک و چۆنی لەگەڵ دەکرد مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە بوو، ئەگەرچی ئەویش لەبەر دانیشتوانی گوندەکە نەیدەتوانی زۆر لێی نزیک بێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دراوسێی بوو، خانووەکەیان لە تەنیشت یەکتر بوو، ئەوەندە لێک نزیک بوون، کاتێک ئافرەتەکە بەیانیان دەچووە سەربان، مامۆستا بە دەنگی چرپەی پێی لەخەو هەڵدەستایەوە، ئیتر لەدەنگی پێی ئافرەتەکە ڕاهاتبوو، ئەگەر ڕۆژێک گوێی لەدەنگی پێی نەبووایە هەستی دەکرد شتێکی ون کردووە، لەماوەی ئەم دوو

سالّەدا کە مامۆستا دراوسێی بوو، ئەویش وەک خەڵکی گوندەکە دەیویست هۆی ئەم کارە بزانێت، زۆر جار لە خۆی دەپرسی باشە ئەم ئافرەتە چ سوودێک لەم کارەی وەردەگرێت؟ بێجگە لە خۆناشیرین کردن لە نێوان دانیشتوانی گوندەکەدا، بە جۆرێ کە دەبێ ڕۆژانە بەرگەی سەرکۆنەکانی گوندییەکان و مەلاکە بگرێت.

تۆ بڵێی قسەی خەڵک ڕاست بێت، بەڕاستی خۆڕپەرستە؟ مامۆستایش بە نۆبەی خۆی کونجکۆڵی دەکرد، بەڵکو بتوانێت سەر لم کردەوەی ئافرەتەکە دەربێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەڵکی گوندەکە بەینیان لەگەڵ ئافرەتەکە خۆش نەبوو، ئەوەی هاتوچۆیشی بکردایە دەکەوتە بەر شاڵاو و سەرزەنشت و پرتە و بۆڵەی ئەوان، چۆن دەبێ هاتوچۆی ئافرەتێک بکات کە هیچ حسابێک بۆ قسەی مەلای گوندەکە ناکات، ڕاسپاردەی مەلای گوندەکە ئەوە بوو کە تا دەست لەم کارە گاورانەییەی خۆی هەڵنەگرێ کەس نابێ هاتوچۆی بکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئەویش نەیدەتوانی بە ڕاشکاوی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، ئەگەرچی خانووەکەیان ئەوەندە لێک نزیک بوون، کە هەموو بەرەبەیانێک بە دەنگی چرپەی پێی ئافرەتەکە لەخەو هەڵدەستا، ئەگەر ڕۆژێک گوێی لێ نەبووایە هەستی دەکرد ئەو ڕۆژە بە ناتەواوی دەستی پێ کردووە! یەک دوو ڕۆژ بوو لە قالدرمەکان وەسەرنەکەوتبوو. بێ دەنگی وەک خۆرە کەوتبووە گیانی مامۆستا. دەیویست بزانێ چی ڕووی داوە، بە ڕۆژ دوور لەچاوی خەڵک چاودێری ماڵەکەی دەکرد.

بۆ سێیەم ڕۆژ مامۆستا پێش بەرەبەیان چاودێری قالدرمەکانی کرد، دەیویست بزانێ لەژوانگە ئامادە دەبێت یان نا، بەڵام ئەم جارەش ژوانگە چوڵ مایەوە، کەس نەهات! مامۆستا نیگەران و سەرگەردان، ناوەوەی وەک سیر و سرکە دەکولاو نەیدەزانی چۆن چۆنی هەواڵێک وەرگرێت، ئێوارە داهات و شەو باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشا، خەڵکی گوند ماندوو لە کاری ڕۆژانەیان خزابوونە ناو جێوە، بۆ ئەوەی سەر لەبەیانی دیسانەوە دەست بە کاروباری ڕۆژانەیان بکەن، ئەویش بێ ئۆقرەو نا ئارام چاوەڕێی پەرجوویەک بوو، کە لەژێر سێبەری ئەودا هەواڵێک لە دراوسێکەی وەرگرێت. بەلای خۆیەوە گوتی کێ دەڵێ لە ماڵەوەیە، ڕەنگە لەبەر ئازار و عەزیەتی خەڵکی ئاوایی،بڕیاری داوە بڕواتە شوێنێکی تر، شوێنێک کە کەس پرسیاری کیش و ئایین و مەزهەبی لێ نەکات، کەس لەبەر تەماشاکردنی خۆرهەڵات سەرکۆنەی نەکات، بەڕاست بە خەڵک چی، مەگەر کەس دەڕواتە قەبری کەس، هەر کەس لە کردەوەکانی خۆی بەرپرسە، بەڵام تۆ بڵێی شوێنێک لەم وڵاتەدا هەبێت کە لە چاودێر و دەست تێوەردان دوور بێت؟ شوێنێک هەبێت بە ئارەزووی خۆی هەناسە بدات و بمرێ! تەنانەت دەست لە چۆنیەتی مردنی مرۆڤەکانیش وەرنەدەن، کێ دەڵێ نەخۆش نییە؟ لەناو جێ نەکەوتووە؟ بێ کەس و تەنیا، بەڵام چۆن چۆنی هەواڵێک وەرگرێ؟ خۆ لەهەر کەس بپرسێ پێی دەڵێ بە تۆ چی لەکوێیە، چ کارت پێیەتی؟ دەیزانی خەڵک چەند لێی بێزارن، بە تایبەتی مەلاکە، زۆر جار گوێی لێ بووە کە دەیگوت: ئەمە غەزەبە بەسەر گوندەکەماندا باریوە، خوا خۆی چارەی بکات، ئەمەش هۆکارێک بوو کە مامۆستا نەیدەوێرا سەبارەت بە ئافرەتەکە پرسیار لەخەڵکەکە بکات، بۆیە ئێوارەی ڕۆژی سێیەم مامۆستا پێی بە جەرگی خۆیدا نا و بڕیاری دا لە کاتێکی گونجاودا بڕواتە سەردانی ئافرەتەکە، بە جۆرێک کە سەرنجی خەڵک ڕانەکێشێت.

وای بە باش زانی درەنگانی شەو ئەو کارە بکات، لە وەخت و ساتێکدا کە گوندەکە کشوماتە، بێجگە لە دەنگی گوندەپەپوو چەند چەقەڵێک و لوورەی چەند گورگێک، کە جارجار سەگەکانی گوندەکەی هارو هاج دەکردن، لەگەڵ سرتەی سیسرکە و بۆق کە شەوزەنگیان دەڕازاندەوە، دانیشتوانی گوندەکەش ماندوو لەکاری ڕۆژانەیان خزیبونەتە ناو جێگا بۆ پشوودان و خۆ ئامادەکردن بۆ کاری سەختی ڕۆژی دواتریان، تەنیا مامۆستای قوتابخانە بوو خەوی لێ نەکەوتبوو، دەیویست لەپەنای ئەو بێ ئاگایی و خەوی گرانی خەڵکدا خۆی بگەیەنێتە ماڵی دراوسێکەی.

سەرەڕای ترسی ئەو لە خەڵکەکە، کە نەبادا یەکێک ببینێ و لێی بپرسێ خێرە چ دەکەی لێرە؟ پێش ئەوەی مامۆستا وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی بدۆزێتەوە خۆی گەیاندە بەر دەرگای ماڵی دراوسێی. بە هێواشی یەکدوو درب لە دەرگای دا، چاوەڕێی کرد، هیچ هەواڵێک نەبوو. بە هێمنی پاڵێکی بە دەرگاوە نا، دەرگا دانەخرا بوو. بە هێواشی کرایەوە و لەسەرەخۆ وەژوورکەوت. ئافرەتەکە بە بینینی مامۆستا لە ترسان واقی وڕما و چاوەکانی زەق بوون، لە ترسان خۆی گرمۆڵە کرد. مامۆستا هەستی بە نیگەرانی ئەو کرد. بە میهرەبانییەوە گوتی: مەترسێ مەبەستێکی خراپم نییە، ئەگەرچی شێوەی قسەکردنی مامۆستا متمانەی ئەوتۆی پێ نەبەخشی، بەڵام وای لێ کرد کە دەست بۆ چراکە درێژ بکات و کەمێک فتیلەکە بەرزکاتەوە، بۆ ئەوەی باشتر بتوانێ میوانە ناوەختەکەی ببینێ، بە هەڵکێشانی فتیلەی چراکە ژوورەکە ڕووناکتر بوو، خاوەن ماڵ وەک مەڕێکی بەستەزمان بە چاوی مەڕانییەوە کە پڕ بوون لە خەموخەفەت سەیری مامۆستای کرد، مامۆستا نەیویست لەوە زیاتر خاوەن ماڵەکە

نیگەران بکات، لە شوێنی خۆی وەستا، دووبارە بە هێمنی گوتی: هیچ مەترسێ، تەنیا هاتووم لە ئەحواڵت بپرسم. ئەوە سێ ڕۆژە دیار نیت نیگەرانت بووم. خاوەن ماڵ کەمێک هەستی بە دڵنەوایی کرد، چراکەی هێنایە پێشەوە بە جۆرێ کە بتوانێ بە تەواوی دەم و چاوی میوانەکەی ببینێت، کەمێک خۆی کۆ کردەوە، دەسماڵەکەی سەری ڕێکخست، مامۆستا گوتی: دەتوانم دانیشم؟

پێش ئەوەی ئافرەتەکە وەڵامی بداتەوە تووشی کۆکەیەک هات، کۆکەیەکی وشک و کوشندە، دەتگوت ئەوەندەی نەماوە بخنکێت. مامۆستا خێرا جامە ئاوێکی بۆ هێنا و یارمەتیی دا چەند قومە ئاوێک بخواتەوە، لەگەڵ خواردنەوەی ئاوەکە، ناوەوەی جامەکە سوور هەڵگەڕا، ئاوەکە ئاڵوودەبوو بە خوێن، ئافرەتەکە خوێن ڕشایەوە خوێن، مامۆستا بە بینینی دەستەپاچە بوو، نەیزانی چ بکات. گشت گیانی ئافرەتەکە شەلاڵ بوو لە ئارەقە، وەک چۆلەکەیەکی سەربڕاو هەموو گیانی دەلەرزی. مامۆستا هەر ئەوەندەی پێ کرا بالیفێک لە پشتی دابنێ و یارمەتی بدات پاڵ بداتەوە. لێفە شڕوپڕەکەشی بە شان و ملیدا دا. ئافرەتەکە بە دەنگێکی خنکاو گوتی: تکایە لێرە بڕۆ، وازم لێ بێنە با بە دەردی خۆم بمرم. بڕۆ با لەپێناوی مندا ناوت نەزڕێت، دەزانی یەکێک لێرە بتبینێ ماڵوێران دەبی، ئیتر ناتوانی وەک مامۆستا لێرە بمێنیتەوە، دڵنیام خەڵکی گوندەکە لێرە دەرت دەکەن، باشە پێت ناڵێن لێرە چ دەکەی؟

مامۆستا گوتی: خەمت نەبێ دڵنیابە کە هاتم کەس منی نەبینیوە، بۆ گەڕانەوەش خوا کەریمە.

ئافرەتەکە بێ دەنگ بوو، مامۆستا چاوی بە کۆلکە دارێک کەوت هێنای لەبەرانبەری ئافرەتەکەی دانا و لەسەری دانیشت. ئافرەتەکەی بە زەحمەت هەناسەی دەدا، مامۆستا بە نیگەرانییەوە گوتی: باشتری؟

ئافرەتەکە بۆ چەند دەمێک چاوەکانی داخست، پاشان دەستی بۆ دەسماڵەکەی برد و خوێنی سەر لێوەکانی سڕییەوە، گوتی: لەوە خراپتر نابم.

– چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

– ڕۆیشتنی تۆ بۆ من باشترین یارمەتییە. تۆش دەزانی خەڵکەکە خۆیان لێم بە بیانوون، تۆش لێرە بتبینن ئیتر مەفەرم نامێنێ، دووبارە سەرلەنوێ کۆکەی دەستی پێ کرد. مامۆستا ویستی لێی نزیک بێتەوە، بەڵام ئەو بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند لێی نزیک نەکەوێتەوە. دوای وەستانی کۆکەکەی بە نائومێدییەوە گوتی: تاکیە لێرە بڕۆ، مانەوەی تۆ بۆمن هیچ سوودێکی نییە بێجگە لە دەردەسەری و سەرئێشە زیاتر.

– بەڵام تۆ پێویستت بە یارمەتی هەیە، ناتوانم بەم حاڵە بەجێت بێڵم.

– کار لەکار ترازاوە لە مێژە نەخۆشم، خوا خوامە لەکۆڵ ئەم دنیایە ببمەوە. نەخۆشی سیلم هەیە، زۆرم نەماوە، بەم زوانە لەکۆڵ ئەم خەڵکە دەبمەوە، لە خوایان دەوێ بتۆپم! بە چاوی کافر تەماشام دەکەن، نابێت یارمەتی گاورێک بدەیت.

– من یارمەتی مرۆڤێک دەدەم، هاتوومە و ناگەڕێمەوە، چی دەبێ با ببێت، ئێستاش چیت لە من دەوێ، بڵێ با بۆت جێبەجێ بکەم. دەتوانم بتبەم بۆ شار، بۆ نەخۆشخانە، دڵنیام لەوێ نەخۆشەییەکەت چارەسەر دەکرێت.

دوای ماوەیەک بێ دەنگی ئافرەتەکە گوتی: بەڕاستی دەتەوێ یارمەتیم بدەیت؟

– بەڵێ، چیت دەوەێ، ئەوەی لە دەستم بێت لە خزمەتتدام.

دەمەوێ بۆ دوا جار چاوم بە هەڵاتنی یەکەم گزنگی هەتاو بکەوێت.

مامۆستا کەمێک داماو هەستی کرد جێبەجێکردنی داواکارییەکەی ئەوەندە ئاسان نییە، ئەگەر بیەوێت لەسەر بانەکەوە تەماشای خۆرهەڵات بکات، ئەوە دەبێ ئافرەتەکە لە باوەش بگرێ و بیبات بۆ سەربانەکە، ئەویش لە بەرەبەیاندا. لەبەر چاوی ئەو خەڵکەی کە بۆ نوێژی بەیانی دەڕۆنە مزگەوت، بێجگە لەمەش شەرعیش ئەو مۆڵەتەی پێ نادات ژنێکی نامەحرەم لەباوەش بگرێت، نا، نا، چۆن خۆم لە شیری خوا دەدەم، دەبێ ڕێگاچارەیەکی تر بدۆزمەوە. مامۆستا هەر وا خەریکی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بوو. دیسان کۆکەی ئافرەتەکە دەستی پێ کرد، ئەویش بە شێویەکی زۆر خراپ کە خەریک بوو دەخنکا. چاوەکانی ئافرەتەکە سوور هەڵگەڕابوون. لێوەکانی لەخوێن سوور بووبوون. خێرا بە دەسماڵەکەی خوێنی لێوەکانی سڕییەوە. بە هەناسەبڕکێوە گوتی: خۆت ماندوو مەکە، هەر ئەوەندەش کە هاتی لە ئەحواڵم بپرسی سوپاست دەکەم، ئێستاش بڕۆ تا نەبووەتە بەیانی، با نەبیتە قوربانی من.

مامۆستا گوتی:نا، ناڕۆم، من یارمەتیت دەدەم بۆ ئەوەی بتوانی یەکەم گزنگی هەتاو ببینی، بەڵام حەزدەکەم تۆش وەڵامی پرسیارێکم بدەیتەوە.

– ئەگەر وەڵامەکە لای من بێت بە دڵنیاییەوە وەڵامت دەدەمەوە.

هۆی چییە تۆ هەموو بەرەبەیانێک دەڕۆیتە سەربان، بۆ تەماشاکردنی خۆرهەڵات؟

ئافرەتەکە بە بیستنی ئەم پرسیارە چەند داماو بوو

داماوتر و پەرێشانتر بوو. مامۆستا هەستی پێ کرد. بە میهرەبانییەوە گوتی: نیازم ئازاردانی تۆ نییە ئەگەر بۆت سەختە، دەتوانی وەڵام نەدەیتەوە، گرنگ نییە.

دوو فرمێسک بە سەر سیمای ئافرەتەکەدا خزینە خوارەوە، ئەوجا گوتی: نا تۆ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە دوای هاتنت بۆ ئێرە چ چارەنووسێک چاوەڕێت دەکات، سەردانی منت کرد، ئەمە کارێکی کەم نییە، کۆکە مۆڵەتی پێ نەدا درێژە بە قسەکانی بدات، دەسماڵەکەی گرتە بەر دەمی. دوای وەستانی کۆکەکەی بە نائومێدی پاڵی دایەوە و گوتی: ئەوەی من هەموو بەیانیان دەیکەم لەپێناوی خۆشەویستی خۆمە، بۆ یەکەم جار کە چاوم بە خۆشەویستەکەم کەوت لە بەرەبەیاندا بوو. چووبومە سەربان بۆ ڕاخستنی ساوەر. بینیم مەفرەزەیەک پێشمەرگە هاتە ناو گوندەکەمان، من لە سەربانەوە تەماشام دەکرد، هەر لەم تەماشا کردنەدا بوو کە نیگای هەردووکمان تێکئالآن و دڵی خۆم دۆڕاند، سەرەنجامەکەی ئەم دۆڕاندنە هاوسەرگیری بوو، دوای ماوەیەک دروستبوونی پێوەندی لەنێوان هەردووکماندا ژیانی هاوبەشمان پێکهێنا. ئافرەتەکە لەقسەکردن ماندووبوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە داخ و کەسەرەوە گوتی: بەڵام خۆشیمان زۆر درێژخایەن نەبوو، سێ مانگ بە سەر زەماوەندەکەماندا تێنەپەڕی بوو کە مێردەکەم بەرەبەیانێک دەکەوێتە بۆسەی دوژمن و شەهید دەکرێت، گریان مۆڵەتی پێ نەدا، بە گریانەوە گوتی: ئیتر ئەوە چەند ساڵە لەدوای شەهیدکردنی بەڵێنم داوە هەموو ڕۆژ بۆ زیندووکردنەوەی یادی خۆشەویستیمان هەموو بەرەبەیانان دەڕۆمە سەربان و تەماشای دەرچوونی یەکەم گزنگی هەتاو دەکەم، بەم شێوەیە پەیمانەکەم نوێ دەکەمەوە، سەرلەنوێ چاوەڕوانییەکەم دەست پێ دەکات، بۆ هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ، هەرگیز سەبارەت بەم نهێنییەم لەگەڵ کەس باسم نەکردووە، بۆیە خەڵکی گوندەکە بە خۆرپەرست تاوانبارم دەکەن، تۆ یەکەم کەسی لەگەڵی باسم کردووە، ئافرەتەکە بە درکاندنی نهێنییەکەی لە لای مامۆستا، وای لە مامۆستا کرد کە ڕژدتربێ لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکەی ئەو، مامۆستا بە لای خۆیەوە گوتی: ئەگەر ژیانیشم لەسەر دانابێ دەبێ دوائارەزووی بێنمە دی، بیری لە ڕێگاچارەیەک دەکردەوە، هەرچی بیری کردەوە بێجگە لەو دوو ڕێگایە هیچ ڕێگایەکی تر بە مێشکیدا نەهات، یان دەبووایە ئافرەتەکە لە باوەش بگرێ و بیبات بۆ سەربانەکە، یان دیوارەکەی لای ڕۆژ هەڵاتی ژوورەکە بە جۆرێ بشکێنێ کە تیشکی خۆر لێی بێتە ژوورەوە، بەم شێوەیە دەیتوانی ئارەزووی ئافرەتەکە بێنێتە دی. مامۆستا لەبەر لایەنە شەرعییەکەی ڕێگای دووەمی پێ باشتر بوو. سەرەڕای ئەوەی کە باش دەیزانی زۆر مەترسیدارترە لەوەی کە ئافرەتەکە لەباوەش بگرێ و بیبات بۆ سەربان. مامۆستا ڕووی لە ئافرەتەکە کرد و گوتی: باشە مەرجە هەر لە سەربانەوە تەماشای خۆر هەڵات بکەیت؟ دوای کەمێک بیر کردنەوە ئافرەتەکە گوتی: گرنگ ئەوەیە لە دواساتەکانی ژیانمدا لە بینینی یەکەم گزنگی هەتاو بێ بەش نەبم، ئەگەر بە دەست خۆم بوایە، بێجگە لە سەربانەکە نامەوێ لە هیچ شوێنێکی ترەوە تەماشا بکەم، بەڵام ئێستا دەگەڕێتەوە سەر تۆ، تۆش چۆنت پێ باشە وا بکە. ناتوانم ناچارت بکەم بە پێی ئارەزووی من هەڵسوکەوت بکەیت. دیسان باری تەندروستی ناجێگر بوو کۆکەکەی سەری هەڵدایەوە بە شێوەیەک، کە خەریک بوو دەخنکا. مامۆستا نەیدەزانی چ بکات، بۆ ئەو مسۆگەر بوو، ئەگەر دەستوبرد نەکات بەیانی دادێ و هیوای ئافرەتەکە ناهێتە دی، بۆیە خێرا دەستی بە ڕماندنی دیوارەکەی لای ڕۆژهەڵات کرد، ئافرەتەکە زۆر هەوڵی دا مامۆستا لە کارەکەی پەشیمان بکاتەوە، ئەوها بڕوا هەموو خەڵکی گوندەکە بە ئاگا دێنی. پێی گوت: دەتوانی لەباوەشم بگری و بمبەیە سەربانەکە ئەوها مەترسییەکەی کەمترە. ڕەنگە شانسی ئەوەم هەبێ ئەم ئارەزووەم بێ گرفت بێتە دی. مامۆستا هەر وا کە خەریکی ڕماندنی دیوارەکە بوو گوتی: خۆم لە شیری خەڵک بدەم باشترە لە شیری خوا، وازم لێ بێنە با کارەکەم بکەم، هەرچی دەبێ با ببێت.

سەرباری خراپیی باری تەندروستی ئافرەتەکە ترسیشی هاتە سەر، ترس لە بەئاگا هاتنی خەڵکەکە، پاڕانەوەی ئافرەتەکە سوودی نەبوو. مامۆستا لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو، هەر ئەوەندەی بینی لەناکاو بە دەرچوونی بەردێک لەدیواری ژوورەکە، تیشکی خۆر بە کزییەوە کە گوزارشتی لە تازە هەڵاتنی خۆر دەکرد خزییە نێو ژوورەکەوە. ئافرەتەکە بە بینی تیشکی خۆر زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی، پاشان لەژێر لێوەوە گوتی: خۆشم دەوێی. چاوەکانی داخست، کە هاوکات بوو لەگەڵ کرانەوەی دەرگای ماڵەکەی. مەلای گوندەکە لەگەڵ حەشاماتێک لە خەڵکی گوندەکە پەلاماری مامۆستایان دا. هێشتا دەنگە لەرزۆکەکەی ئافرەتەکە لە گوێیدا دەزریگایەوە کە دەیگوت: خۆشم دەوێی، نەواکەی ئەوەندە خۆش بوو سەرمەستی کرد، ئەگەرچی بە گومان بوو لەوەی ئایا ئافرەتەکە مەبەستی خۆشەویستەکەی خۆی بووە، یان ئەو. مامۆستا سەرمەست و شەیدا بوو بە قوربانی. تەرمی هەردووکیان لە دەرەوەی گۆڕستانی گوندەکە ناشت، گوتیان: ئەمانە گاورن!